کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
24-6-2007 22:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یەکگرتووی ئیسلامی ڕێکخراوێکی دروستکراوی دەستی بێگانەیەو لەدژی بارزانی و هەڵوێستی نەتەوەیی ئامانج دەگرێ. ! ... تەنیا کوردی

ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ڕابردووی یەکگرتووی ئیسلامی بکەین بێ گومان دەبێ سەرەتاکەی لە هاوکێشەی ئیخوان موسلمین وە دەست پێ بکەین و.. تا دواهەمین بەرەنجامی لەگەڵ بەرەی تەوافوق و رابیتەی ئیسلامی و حزبی فەزیلەی تورکی و جەبهەی تورکمانی، کە وەك پارتێکی ئیسلامی سیاسی دەیەوێت ئەمرۆ بە کۆمەڵێك پروپاگەندەی ئایینی خۆی لەناو واقیعی کۆمەڵگای کوردی بسەپێنێ. بەڵام ڕێی تێناچێ پارتێك کە بەچەندەها فاولی سیاسی و کۆپیکراو لەژێر کۆنترۆڵی ئایدیاکانی هێزێکی دەرەکی بێتە ناو گۆڕەپانی خەباتی رزگاری و.. بەتێڕامانێکی دوور لە واقیعی حاڵ و خواستی خەڵك مومارەسەی سیاسەتی ئیخوان موسلمین بکات.. ! ئەوەی مەبەستی منە مێژووی یەکگرتوو نییە.. بەڵکو ئەو پروپاگەندە راگەیاندنکاریانەی ئەوانە کە لەڕێگەی کۆمەڵێك پێنووسی کۆپیکراو کەوتوونەتە بەر شالاوی لەکەدار کردن و شێواندنی هەستی نەتەوایەتی تاکی کوردستان.

ئەمجارە یەکگرتوو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکاتە ئامانج و بەدەرفەتی دەزانێت عەیب و عارەکانی خۆی پێ دابپۆشێت و، کوێرانەو بە پروپاگەندە هەمیشە مایە پوچ ئاساکانی دەکەوێتە وێزەی بەڕێز مەسعود بارزانی و.. بەبێ بڕوانامەو کەسایەتییەك و سەرۆکی خۆیانی نازانن و، بەجیاخوازی دەیچوێنن.. کە تایبەت دوای ئەم سەردانەی بۆ دەڤەری بادینان سەردانی بارەگاکانی یەکگرتووی نەکردووە و فەرامۆشی کردوون و، هەمان ئەرزشی لق و مەڵبەندی یەکێتی و پارتی بۆ دانەناون. بۆیە من پێم وایە دەبێ لەبەرانبەر ئەو بیرکردنەوەو پلانگێڕییەی یەکگرتوو هەڵوەستە بکرێت و سەرەتا لەبەرانبەر وەڵامی ئەوەدا داخۆ بارزانی خاوەنی بڕوانامەیە یان نا.. !!

دەڵێم یەکگرتوو لە خەڵکی ئاسایی باشتر دەزانێت و پێویستە زیاتر سەرنج بدات کە.. بارزانی خاوەن بڕوانامەی نەتەوایەتی و ناساندنی میللەتی کوردە.. بۆ بەئامانج گەیاندنی ئاواتەکانی گەلێك کە بنیاتنان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە.. بڕوانامەی پێشمەرگایەتی و بن تاشە بەردەکانی بەرەی دژ بە زوڵم و ستەم و بەرگریکردنی لە گەلێك هەیە.. بڕوانامەی ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیانی هەیە.. بڕوانامەی بوژانەوە و ئاوەدانکردنەوە و گەشەدان و پێشخستنی پرۆسەی خوێندنی هەیە.. بڕوانامەی ئەو، ئەنفال و هەڵەبجەو شانازیکردنێتی بەدەسکەوتەکانی خوێنی شەهیدان.. بڕوانامەی پێداگیری شەرەف مەندانەیی لە پاراستنی خاکی کوردستان و بەیەك دید روانینی لە پارچەکانی کوردستان هەیە.. بڕوانامەی لەسیاسەتی دیپلۆماتکارانەو... تد، هەیە.. ئەمانەن بڕوانامەکانی بارزانی سەرۆك.

برادەرانی یەیکگرتوو، پێویستە باش بزانن بارزانی نەتەنها جیاوازی بەپارتێك و لایەنێك ناکات، بەڵکو لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی تری کوردستانیش سیمبولی پێکەوە ژیان و خۆشگوزەرانییە، بەڵام ئێوەی نەوەی (قوتب و بەننا) بە کامە ئاڕاستەی نەتەوایەتی هاوتایی مەڵبەندو لقەکان بکرێن وەکو ڕێنوێنیکاری خەڵکی کوردستان. !! بارزانی ئەمرۆ وەکو کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی بەر لەپۆستی سەرۆکایەتی کوردستانیش بە هەڵوێست و موساوەمە نەکردنی بە خاك و گەلی کورد هەنگاوی رووە و ڕێبەرایەتی نەتەوەیی لەنێو هاوکێشە سیاسیە ناوچەیی و جیهانیەکان ناوە و لێهاتوانە لەگەڵ پێشهاتەکان هەڵیکردووە. جا ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی بارزانی بکات بەتەوەری سەرەکی بۆ لەبیر بردنەوەی کاری سیخوڕیانەی خۆی.. !! ئەی دەبێت بۆ خەڵکێکی دیکەو سادە چەندە چاڵی بێ بنیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەڵکەندبێ و بێ ویژدانانە کەوتبنە وێزەیانەوە.. دڵنیابن خەڵکی وشیار لەو راستییە گەیشتوون و ئاگادارن کە سەنگی یەکگرتوو لەپای تەرازووی نەتەوەییەوە چۆن کێشبکرێت. !!

چونکە رۆژ دوای رۆژ ئاراستەو هێڵی سیاسی یەکگرتوو بەرەو ئارمانجی راستەقینەیی مل دەنێ، کە سەرچاوەی وەبەرهێنانییەتی. ! باشترین بەڵگەش ئیمزاکردن لە دروستکردنی بەرەیەکی دژ بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق و کوردستان بوو، لە قاهیرەی بنەوان و زێدی لەدایکبوونی رێکخراوەکەیان. ئەم جارە زۆر بەئاشکرایی و بێ پەردە ئاکاری یەکگرتوو لە سیاسەتی دوفاقییان وەدەرکەوت، کە هاوشان لەگەڵ براکانیان لە حزبی ئیسلامی و تەوافوق و جەبهەی تورکمانی و کەسایەتی جاش پەروەر ئەرشەد زێباری و محێی هەرکی چووبوونە سەر مێزی موفاوەزات و وەکو ئەوەی لە عێراق و کوردستان بەرپرسیاربن و لەهەوڵی گۆڕینی رژێم دابوون.. !! ئەوان خوازیاری بنیاتنانی هێزێکی دیکەی ئیسلامی لەکوردستان بوون، بە فەتوای رێبەرانیان لە ئیخوان موسلمینی میسر و جیهانی. ! ئەمە لەلایەک و لە لایەکی دیکەشەوە، وانیشان دەدەن کە خەمخۆری میللەتن و لەرێگەی ئایینەوە ریفۆرمی کۆمەڵگە دەکەن. دیسان ئەگەر یەکگرتوو خاوەن ئەو مەنهەجە کۆپیکراوە و دوور لە هەست و ئینتمای نەتەوەکەی بێت.. دەبێت بەکامە دەستووری نەتەوەیی یەکگرتوو بخوازێ بهێتە ناو واقیعی هاوکێشەکان کە چارەنووسی نەتەوەیەکی خاوەن سەدان ساڵ خەبات و پڕ لە تێکۆشان راوێژکاری لوتکەی هەرەمی سەرۆکایەتی بێت.. !!

خۆ ئەگەر یەکگرتوو بەتەواوی پێکهاتەکەیانەوە پەیامەکانیان بۆ بەرژەوەندی میللەتی کورد بوایە و.. هەڵبەت وەك ئەوەی کە ئیدعای ئایینداری دەکەن، کوانێ وەڵامتان بۆ گوتە چەواشەکارییەکانی حارس زاری و جەبهەی تورکمانی و فەتوای شێخ و زانایانی ئیسلامی کەنداو.. !! کە بەدوای یەکدا کورد بەجولەکەو دڕندەو شاخی دەچوێنن.. !! بەڵام ئێوە لەبری ئەوە دەست لەملانێ پیشەی سەرکیتانە لەگەڵ برا بەعسی و جاش و تورکمانەکان و.. بۆ داپۆشینیشی لە ترسی رقی جەماوەر توانج دەگرنە سەرۆکایەتی و سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی و حزبە کوردستانییەکانی دیکە، کە رۆژانێك خوێنیان لە پێناوی ئەو بەرقەرارییەدا رشتووە.. دێن شەڕی نێوخۆ دەکەن بەبیانوویەك کە دەستی ئێوەی پێ سوور نەبووە، بەڵام بیرتان نەچێت پەنجەی مۆرتان بە واژۆی بوون بە جاشی پۆست مۆدێرن کاڵ نەبۆتەوە.. !!!! جاشێتی بەواتای جاشبوون بۆ ئیخوان.. جاشبوون بۆ تورکمانەکان نەخاسمە تورکیا کەخۆی جاشی تورکە.. جاشبوون بەواتای لادان لە کولتووری راستەقینەیی کورد. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یەکگرتوو وەکو رێکخراوێکی دروستکراوی دەستی بێگانەیەو لەدژی هەڵوێستی نەتەوەیی ئامانج دەگرێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.